

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە٢٩_ ٥ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

موحسین سوبحانی
خەدیجە جاوید
کوورش زارع ڕەمشتی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
بیژەن ڕەحمانی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ١٥ ...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Tea jagodic

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**
- **بە تامی چیرۆک**


- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**


**٥ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## «دەسدرێژیی نەرم»

کاتێک هاوماڵەکەی چوو بانگی بکات بەیەکەوە قاوەیەک بخۆنەوە، دیتی لەسەر تەختی خەوەکەی لەنێو کۆمەڵێک هێلکەی شکاو، بێ هەست لەسەر پشت کەوتووە و خوێنێکی زۆر لە نێوگەڵی ڕۆشتووە .

دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە چارەسەریان بۆ کرد، دوکتوورێکی دەروونییان پێ ناساند. دوکتوورە دەروونییەکەی دوای دووسێ جار سەرلەنوێ کردنەوەی دانیشتنەکانیان، دواجار پێی گوت: "من دوکتووری تۆ نیم تێبگە، دوکتووری ئەو کەسەم کە لەنێو تۆ دایە. چیتر باسی خۆتم بۆ مەکە، باسی ئەوم بۆ بکە! لەسەرەتاوە"!

ـ یازدە ساڵی بوو. دەچوو بۆ دەورەیەکی تایبەت. هەمووڕۆژێ دوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکەی، مامۆستاکەی قوتابییەکانی دیکەی دەناردەوە و، ئەوی دەیگێڕاوە و یارییەکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ دەکرد. یارییەکەی زۆر پێ خۆش بوو. چوونکە زۆریی تێدا نەبوو. هەر ئەو یارییە ئەگەر مامۆستاکەی بە زۆری پێی کردبوایە زۆری پێ ناخۆش دەبوو. مامۆستاکەی هێندە نەرم و نیان بوو، بەردی دەکرد بە ئاو. مامۆستاکەی ناوی یارییەکەیانی نابوو هێلکەهەڵێنان. ئەو یارییە دەورەکەشی لەبەر شیرن کردبوو. هەر وەک گوتم یارییەکەی زۆر پێ خۆش بوو.

دیارە بەپێی ئەو قسانەی بیستبووی، دەبوایە پێ خۆش نەبوایە؛ بەڵام ئەو زۆری پێی خۆش بوو. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوتابییەکانی مامۆستاکەی زۆرتر دەبوون. چەن جار دیتبووی مامۆستاکەی قوتابییەکانی دیکەشی گێڕابووەوە؛ بەڵام دڵنیا نەبوو کە داخۆ لە گەڵ ئەوانیش هەمان یاری دەکات یان نا؟ وای لێهاتبوو بەهۆی قوتابییەکانی دیکەوە، حەفتەی تەنیا جارێک نۆرەی خۆی دەهات. مامۆستاکەی پێی گوتبوو ئەگەر سەبارەت بەو یارییە لەگەڵ کەسی تر قسە بکات، زەرەر دەکات. ئێستا سی و یەک ساڵی تەمەنە... ئەرێ ئەوە چییە ئەم شێوە قسە کردنە بێتامە... نەخێر، ئێستا سی و یەک ساڵم تەمەنە، جەنابی دووکتوور خۆ من منداڵ نیم هیچ نەفامم، تۆ بە من دەڵێی: "تۆ بوویەتە قوربانیی دەسدرێژیی نەرم؛ پیسترین جۆری دەستدرێژی. واتە دەسدرێژیکار قوربانییەکەی نەرم کردووە و وای لێ کردووە بە دڵخوازی خۆی دەستدرێژیی بکرێتەسەری. دەڵێی تۆ دەبێ ئەم ڕازە لەلای من و هاوڕێکانت بدرکێنی، دەنا من ناتوانم چارەسەرت بکەم. دەڵێی تۆ بەرپرسیارێتیی ئینسانیت لەسەر شانە بۆ ئەوەی ئەو دەسدرێژیکارە بەڕواڵەت فریشتانە چیتر ئەسپی هەوسی خۆیان بەشاراوەیی تاو نەدەن! بۆ ئەوەی دەستی دۆستایەتیی ڕەشیان لە ملی بنەماڵەی قوربانییەکان قەتع بکەین." تا ئێرە قسەکانت بەجێن. بەڵام لەوە زیاتر کە

دەسدرێژیم کراوەتە سەر، چی دیکە بدرکێنم؟ تۆ ئەوە چ جۆرە دەرسێکە خوێندووتە؟! ڕازی هێلکە هەڵێنانەکە ئەوەندە گرنگ نییە جەنابی دووکتوور. گرنگ ئەوەیە من دەستدرێژیم کراوەتە سەر و تەواو. ئێستا ئەگەر من وردەکاریی دەسدرێژییەکەم باس بکەم، زیاتر کونجکۆڵیی سێکسیی ئێوە دادەمرکێنم. تەنانەت بۆ بەشێک لە هاوڕێکانم ئەگەریی کەڵکاوەژووشی (بەدئامووزیشی) هەیە. بە پێی قسەی خۆت هەزاران کەس ڕۆژانە دەبنە قوربانی دەسدرێژیی نەرم، بە هەزاران شێوازی دیکە. ئێستا شێوازەکان چ گرنگییەکیان هەیە؟! ها؟! نایدرکێنم! با ڕازی ئەوەی، چۆن لەگەڵ مامۆستاکەم هێلکەکانمان هەڵدێنا و چۆن دەمانکردنە جووچکە و چۆن جووچکەکانمان دەکردنە کولانەی یەکترەوە، لەسەر دڵت ببێ بە گرێ؛ من نەخۆشەکانی دیکەی تۆ نیم، بە وردەکاریی چیرۆکی دەسدرێژی پێکرانەکانیان شەوانە دەسپەڕ بکەی!

◆ ناسر فەتحی




📷 Frank Daske

## «ئازاری خوێن»

گەرمەی هاوین بوو. مریەم، لەناو هۆڵی تاقیگەی بیمارستاندا و لەسەر کورسییەکە وەک چلەی زستان بێت تەزووی بە لەشدا دەهات و دەستەکانی هەڵدەگلۆقی. کەمێک پێشتر کچەکەی ڕۆیشتبۆوە ژووری تاقیکردنەوەی پزیشکی بۆ تاقیبوونەوە و وەرگرتنی بەڵگەی سەلماندنی کچێنی. زاواکەی لە تەنیشتی خەمساردتر لەم دەردەکەوت. شنەی تاوتاو و سووری پانکەکە هێدی هێدی ئەیبردەوە بۆ لەمێژساڵ:

نۆ هاوین بە سەر ژیانیدا تێپەڕیبوو، ئەودەمەی بۆ یەکەمجار بڕوباجێکی ئاخنیبووە نێو دەرپێکەی و دایکی پێیزانیبوو و دای بە ڕوومەتی خۆیدا و بە قیژە و زەناوە پێیگوتبوو: "خوا پێتنەگیێنێ ڕۆڵە! هامە کەی وەختی حەیزە؟" هەستی دەکرد دایکی پەی بە گوناهێکی گەورەی بردووە. وەک چۆن مریەمی پاکیزە بە نوورێکی خوداییەوە ئاوس بوو، پێیوابوو ئەمیش بە نوورێکی ئەهریمەنییەوە دووگیان کەوتووە. نیگای پیاوانی گوماناوی لێکئەدایەوە. بەتایبەت وایدەزانی هەموو ژنێک وەک دایکی بەدگومانن لێی.

نیوەڕۆیەک، چەند ڕۆژێک دوای تەمی ئەو گوناهە، بەو پێدەشت و مێرگانەدا بەرەو مەزرا بوو. تێشوویەکی نان و مەشکەیەک دۆی بە شانە لاوازەکەیدا دابوو. سەونێک لە کوڵمە تاوەسووتەکانی دەدا. لەو دۆڵەی دوورەدێدا هەنگاوە ناسکە کەنیشکەکانەکانی بەرەو مەزرا بۆ هەرەوەزییەکەی ماڵی خۆیان هەڵگرتبوو. لە دوورەوە لەناو ئەو دۆڵەدا جەبەی میم ڕەزیەی دیت. هەرزەکارێکی تازە پێگەیشتووی باڵابەرزی لەشخواری ناڕێک، بە چۆخە کۆنە شل وشێواوە هەمیشە ڕەشەکەیدا هەر لە دووڕا ناسییەوە. کە گەهیشتێ سڵاو و مەرحەبایی کرد. ویستی تێپەڕێ گلی دایەوە. جەبە بەو دەستە زل و پیرۆکانەی کە چقڵ و داس داپڕزاندبوو دەستێکی بە سەر و قژی مریەم دا هێنا. سەرەتا مریەم وایدەزانی لاواندنەوەیەکی خزمانەیە. بەڵام وردە وردە کە دەستی جەبە دەگەیشتە شوێنە هەستیارەکانی هەستی بە شتێکی خراپ کرد و ڕەش داگەڕا. ویستی بقیژێنێ و هەڵێ بەڵام جەبە ڕێی لێگرت. تا دەڕۆی وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبوو. لەناو خۆڕاوەشاندن و هاواری بێئاکام، جەبە ئەوەی ویست کردی. ئیدی پەلەقاژەی بێ ئەنجام و هاوارەکانی مریەم نەدەگەیشتنە هیچ کوێ. دوایین هاوارەکانیشی وەک ئەو چەند دڵۆپە خوێنە، نەگەیشتنە ئاسمان و هەر بەو دۆڵەدا ڕۆوچوون......"

بە کرانەوەی دەرکی هاتنەژووری هۆڵەکە بە ئاگا هاتەوە. جەبەی لە ئاخری هۆڵەکەدا بە کەوا کۆنە شل و شێواوە هەمیشە

ڕەشەکەیەوە و جامانەی خواربووی سەری دیت، بەرەو ئەمان دەهات. هەر کە گەیشتە مریەم، لەسەر کورسییەکە هەڵیساند و لە خوازبێنیکەری کچەکەیانی جیا کردەوە. بردیە سووچێک و کەمێک دووری خستەوە. هەر کەس پیکەوەی دیبان وایئەزانی باوک و فەرزەندن. کە زانی دەنگی ناگاتە کوڕە، بە تووڕەییەوە پێیگوت: "گوێبگرە ژنەکە! دروستە شەرع و قانوون دەست و قولێکمی کردۆتە مارەییت خۆ گیانم نییە لە دەستا. تەڵاقم کەوتبێ ئەگەر گفتێک لەبارەی ڕووداوی ئەوساڵەی ناو دووکانەکەی ئەمیر بۆ ئەو کوڕە بدرکێنی هەر بەو دەستانەی خۆم دەتکوژم. خۆ ئێرە باوک و دایکتی لێ نییە بە زۆر داتیان بە ملمدا و ئاوارەی ئەو غوربەتەیان کردم، بەتەڵاقم حەقی بەر و دوات لێئەکەمەوە.ئەوەڵ تۆ ئەکوژم ئەمجا خۆم".

هێشتا جەبە لێنەبووەوە و مۆنی هەرِەشەکانی لە ڕوخساری نەسڕابوونەوە کە یاریدەدەری دوکتۆرەکە هاتە دەر و داوایکرد دایک و باوکی کچە بێنە ژوورێ. جەختی کردەوە: "تەنیا دایک یان باوکی کچ!" پێش ئەوەی مریەم بیەوێت تەکانێک بە خۆی بدات جەبە باڵی گرت و وەک دوا هەڕەشە گوتی:

"هەر ئەوەی پێم گوتی....ڕاوەستە بۆ خۆم دەڕوم تا بزانم ڕازییان ناکەم!"

◆ موحسین سوبحانی



Oleksandr Berezko

## «سمێڵە نفرەتیەکانی ئاغای...»

گەرمی و تەڕی وبۆنی ئامۆنیاکی نوێنەکان، خەبەریان کردمەوە یا مستی بابم کە لەدەرگای دەدا؟! (مەزەندەی بابم بۆ لە دەرگادان، مستە گەورەکەیەتی نەوەک ئەنگووستی پەنجەکانی) هەرچیەک بێت توانی شەقژن هەڵسێنی لە دڵم. دایکم تا وەکو هات لە هاڵاوی جێگەکەم دەری کێشام ونووزاویەوە :" تۆ بۆ ئاوات لێهاتوە غەزەبی خوا؟ دەتەوێ دیقم پێبکەی ؟ ئەورۆ شەمەیە لای ناخێر دوێنی حەمامت کردبوو خۆ." پەلم دەگرێ وبەرزم دەکاتەوە بۆ حەمام. حەمام سارد ونەخۆشی کاتژمێر شەشوونیوی بەیانیە. لە تیکەیەک ئاوێنەی دەرگای حەمامدا، خۆم دەبینم. پرچەکانم ئاڵۆزاوو بژ ئاڵاونە یەک. ئەورۆ شەمەیە و وەرزشمان هەیە؛ دڵم دێبەیەکدا:

" هۆی قژ بژ تۆ نەبویت تۆپەکەت دا لە پەنجەرەی کەلاس و شوشەکەیت شکاند؟ "

ئاغای وەرزشمان لە نێو درزی سرامیکەکانی حەمام دیارە، کە دایکم پاڵ دەنێتە سرامیکە ساردەکان، چاوە خێچەکانی ئاغا ون دەبن. دایکم چاوێکی ئێستاش لە خەودایە وبە چاوەکەی تری کەخاڵێکی ڕەش بەڵەکی کردوە سەیرم دەکات. خێرا بەر لەتێگەیشتنی خاڵە ڕەشەکەی نێو چاوی، لە نهێنی ئەوکارەساتەی هاتووە سەرم؛ دەرگای حەمامی بە ڕوودا دا دەخەم. ناوێرم سەیری سرامیکەکان کەمەوە. هەڵمی ئاو، ئاوێنەکە دەشێوێنی وقژەکانم لێدەگۆرێت بە سمێڵی ئاغای ورزشمان. دایکم ئێستایە دەچێت هەموو نوێنەکانم فرێدەداتە دەر. باڵێفە سپیەکان بەگوڵە نێرگزەکانەوە دەلکێنە مووزایکەکانی حەوشە وبابم لە بەردەم پەنجەرە سەرنج دەداتە دەم و لۆچی دایکم، سام و ترسەکانی من دەدۆزێتەوە لە نێو نێوێنە هەڵخلیچکاوەکان و تماشایان دەکات.

شاڵوارە ساپۆرتەکەم دەر دێنم وشۆرتەکەم لەناویدا بەجێ دەمێنێ. هۆشم بە درزی سرامیکەکانەودەڕوات. سەرما، گۆشتی جەستەی چرکردومەوە وپێستی زگمی وەکوو مریشکی پەل وپەڕ پڕووزاو لێکردوە. بلوزەکەم هەڵدە دەمەوە تا نێوکم وپاک خۆم دەشۆمەوە.

"هۆی کچێ تۆدەبێ باجی شووشە شکاوەکە بدەیەوە. کلاس کە تەواو بو نەرۆیتە دەر، زەنگی پشولێرە دەمێنیەوە ها "

سمێڵی موعلیمی ورزشم لە شەرارەتێکی شەیتانیدا خەریکە گەورە وگەورە تردەبێت.

لەئاوێنەی حەمام دەیمەدەر. بۆنی سیگاری بابم ژۆر چۆڵ دەکات کە دایکم بە سەر نوێنە ڕژاوەکان وباڵێفەکەمدا غار دەدات لای ماڵی هاوسێکەمان، بە ورتە

ورت دەس دەکاتە قسەکردن. ڕەنگە باسی من بکات کە چۆن لەماوەی یەک هەفتە دا هەموو نوێنەکانی ماڵم لە نوێژ بردوە یا...

کاتێک زەنگی وەرزش تەواو دەبێت، دڵەڕاوکێیەکی ترش ناو دەمم دەشوێنێ. مەقنەعەکەم دەتکەێنم لەتۆزیک کەئالاوەتە سینەی، هەر دەی دەتکەێنم پاک نابێتەوەو پرش وبلاوتر دەلکێتە گیانم. هاوڕێکەم کوڵمە سوورەکانی دەساوێتە گۆنای تا گرتووم و دەڵێت:" هیچ نیە خۆ، زوو تەواو دەبێت، منیش لەبەر پەنجەرە چاوەڕێت دەکەم باش؟!"

زەنگی پشوو دەنگی کچەکانی هاوپۆلیم لەدەرەوەی کلاس و تەنیاییم لە تاریکایی عەسری پاییز دەمهێننە گریان. لەپەنجەرەوە سەیری حەوشەی مەدرەسە دەکەم، کەس بیری منی نیە. هەموویان خەریکی کایەن، وەکوو ئەوەوایە ئەو ئێوارەیە کۆتایی دونیابێت. چپەی دەرگای کلاس، هێز دەبخشێتە قاچەکانم وبەرەو دەرگا شەتاو دەبم. پێلاوەکانی ئاغای وەرزشمان ڕێگەم لێدەگرێت، سەرم بەرز دەکەمەوە وتائاستی بەپشت داکەوتن لە چاوی ئاغای ورزشمان دەگەرێم تا داوای یارمەتی لێبکەم. چاوی لەپشت عەینەکدا دیار نیە وسمێڵەکانی گشتی دەموو چاوی داشاردوە. لە عەینەکەکانی دەپارێمەوە :"ئیجازە ئاغا ئیجازە! بەڵێن دەدەم قەت هیچ شووشە نەشکێنم، وەرزش وکایەش ناکەم، تۆخوا بهێڵە با بڕۆم" ئاغا مێهرەبان دەبێت ودێتە سەر چۆک:" ئاها بارەکەڵا، مەترسە هیچ ناکەم لێت " توند توند باوەشم دەکات...

◆ خەدیجە جاوید




Akshay Gupta

## «حینجەی هەوەس»



Alexander Klenov

قەولی پێدابوو; لە پێش هەموو هاوڕێکانی دا, حینجەی عەممە جوزئی پێ تەواو کا و دەست بکەن بە خوێندنی قورئان. قاوەڵتوونان, دوای ڕۆیشتنەوەی هاوڕێکانی دەینارد سیغاری بۆ بکرێ و بۆخۆی دەچۆوە حوجرە و دەیکوت; بۆم بێنەوە ئەوێ. باقیی پووڵەکەی لێ نەدەستتاندەوە و بانگی دەکرد ودەیکوت وەرە دانیشە. جاربەجار زیاتری لێ دەچووە پێشێ و بە ڕێکەوت خۆی تێهەڵدەساوی. جارێکیان کە ژێرسیغارەکەی بۆ دانا; لەپڕدا ماچێکی کرد. هەستێکی تێکەڵ بە ترس و شەرم و ڕێزگرتن ئازای ئەندامی داگرت. نەیدەزانی ئەو ماچ کردنە لە پێوەندی نێوان مامۆستا و قووتابییەوە سەرچاوە دەگرێ; یان...

وەهۆش کە هاتەوە; خۆی لە ئامێزی مامۆستاکەی دا, دیت کە حەیوان ئاسا دەیلێسێتەوە!

ئێستا کە ئەندامی چەپترین حیزبی کومونیستە! وانەکانی مارکسی, هەموو لەبەرە!

◆ بیژەن ڕەحمانی

# «چرا»

هێشتا پێڵاوە پانییەبەرزەکەم لە پێیە و لە سووچی هۆڵەکە وەستاوم؛ هەمان پێڵاو وا بابە لە تاران بۆی کڕیبووم، چەنێ تەقە تەقی پێڵاوەکانم خۆش بوو کاتێ بە سەر موزاییکی حەوشەدا ڕامئەکرد و خۆم ئەخستە باوەشی گەرمی دایەگەورە. سەیری خۆم ئەکەم، دامەنەکەم لە ڕەنگی پێڵاوەکانمە و قژم لە ناو قەدیشم درێژترە و تا سەر دامەنەکەم یەت، ڕۆقەیە خانم ئەڵێ: ئێستە ڕێک لە بووکەڵەکەی بیتا ئەچی؛ ڕۆقەیە خانم زۆر مێهرەبانە، هەموو کاتێ کەیک و شیرینیمان بۆ درووست ئەکات، من زۆرم ڕۆقەیە خانم خۆش ئەوێ. من و بیتایش هەر خەریکی یارین لە حەوشە، سێ حەفتەیتر قوتابخانە ئەکرێتەوە و هەردووکمان پێکەوە ئەچین بۆ قوتابخانە؛ با" قژم لە سەر ڕوومەتم لائەدا و بەرەو پشتەوە ئەیبات، تا پەنای سێوەکە، نا نا... تا پەنای چرا ڕائەکەم؛ دایەگەورە ئەڵێ ئیمساڵ چرا لە هەموو ساڵێ زیاتر سێوی گرتووە، ئەڵێ دوو حەوتەیتر هەشت ساڵ تەواو ئەکەن، دار سێوەکەی ڕۆژێ پێش بە دنیا هاتنم نابوو، دوای هاتنم دایکم بۆ هەتا هەتایە ڕۆشتبوو. بابم دوو ڕۆژیتر دێتەوە، تەنیا دوو ڕۆژیتر چاوەڕێی ئەکەم، وتوویە دیاریت بۆ یەنمەوە، نازانم ئەمجار دیاری چیم بۆ یەنێت لەوانەیە شتی قوتابخانەی بۆ کڕیبم، بابە لە تاران ژنی هێناوە و ئیتر لە گەڵ من و دایەگەورە ناژی. هێشتا لە سووچی ساڵۆنەکە وەستاوم؛ دەنگی گریانی دایەگەورە ساڵۆنی ئورژانسی پڕ کردووە: بۆ نایەن بە هانامانەوە؟ بیتا ئەڵێ: چرا چراااا بشمار دیگه من منتظرم "بژمێرە ئیتر، من چاوەڕێم"

ـ یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج،...بێم؟

ـ نه نه نیای، هنوز قایم نشدم ها، بازهم بشمار"نە نەیەیت هێشتا خۆم نەشاردۆتەوە ها، دیسان بژمێرە"

ـ هەشت، نۆ، دە، یازدە...؟ هاتم هاااااتم! دوازدە، سێزدە، چواردە... دەڵێم هاتم، بێێێم بێێێم؟

دەنگێ نییە، بیتا نییە! من دەستم لە سەر دارسێوەکەیە و سەرم ناوەتە سەر دەستم؛ سەیری ئەملا و ئەولا ناکەم، تا بڵێ بێ. بیتا ئیتر هاتم تەواو چەندی بژمێرم، هەژدە، نۆزدە، بیست.

سێبەرێ بە سەرما ئەکێشیە، دەستی نایە سەر دەستم، ئای بیتا چ دەستی گەورەیە، دەستم دەبەمە سەرتر، مووی هەیە بیتا دەستی مووی هەیە موویەکی زۆر! ئەقیژێنم، لە پشتەوە گرتوومی، پەلەقاژەمە ناتوانم هەڵگەڕێمەوە، نەکا بابەیە و گەڕاوەتەوە، بابەیش دەستی مووی هەیە، دوو ڕۆژ زووتر گەڕاوەتەوە، ئەرێ دیاری بۆ هێناوم. بابە بابە تۆی؟ باوەشی لە باوەشی بابەم ناچێ؛ دڵم زیاتر ئەلەرزێ؛

شەرواڵەکەی ئەبینم، بابم شەڕواڵی وا لە پێ ناکات، دەستی زۆر گەورەیە ڕەشە، لە دەستی گورگ ئەچێ، پێڵاوەکانی تماشا ئەکەم، نە ئەم بۆنە پیسە بابە نییە؛ بابی بیتا چەن خولەک لەوە پێش هاتەوە؛ شەرواڵەکەی، پێڵاوەکانی... هاوارم کرد: ئاغا شەهرام من بیتا نیم! من چرام چرا، بیتا ڕۆشتووە خۆی بشارێتۆ. دایەگەورە هەرشەو ناو جێگەکەما قژی ئەگرتمەوە بە پەلکە و بەیانیان بۆی ئەکردمەوە و خۆم شانەم ئەکرد. پێڵاوە سوورە پانییە بەرزەکەم کردبووە پام و ئەموت: ئا تماشا چەنێ گەورە بووم، ئەونەی تۆم پێ هاتووە؛ قاقا پێئەکەنی و ئەیوت: من باڵام کورتە کچێ چرا گیان، خۆت بە باڵای من مەپێوە، بچۆ بە بەڵای سێوەکە خۆت پێوە، زانم دەستت بە سێوەکانی ئەگات؛ من باوەشم بە سێوەکەدا کردووە و هەڵدەلەرزێم؛ خەریکە قژم کۆ ئەکاتەوە، مووەکان ئەچەقێن بە پشت ملما، ئەمکێشێت تا لە سێوەکەم جیا کاتەوە، من خۆم توند بە دارەکەوە گرتووە؛ دەستم ئەکێشییە بە دارەکەدا و پێستەکەی هەڵدەکنێ و خوێناوی ئەبێ. دایەگەورە و ڕۆقەیە خانم"دایکی بیتا" ڕۆشتوون بۆ بازاڕ. بۆڕەیەکی ناخۆش بە گوێمدا ئەلێ: نترس دختر خوشگل من فقط میخام کمی نازت کنم، آروم باش عزیزم" مەترسە کچە جوانەکە، من تەنیا ئەمەوێ تۆزێک نازت کەم، هێور بە ئازیزم" من ئەگریم، ئاغا شەهرام خراپ نازم ئەکات، ئەو ڕیشە زبرەکەی ئەیەنێ بە سکما؛ هەناسەم دەرنایە، لە سەر تەختەکەم ئەخەن، دایەگەورە سەر و چاوی خۆی ڕنیووە و سەرپۆشە سپییەکەی خوێناوی بووە؛ شەرواڵەکەم دائەکێشێ، نترس عزیزم داد نزن الان تموم میشە "مەترسە ئازیزم هاوار مەکە ئێستە تەواو دەبێت" چاو ئەگێڕم بە حەوشەدا، درگا داخراوە، هیچ دەنگێک نایە، بیتا نییە. من حەزم لە قەرێ قەرێیە ؛ دایەگەورە ئەڵێ: بڕوانە چرا، چ بەختێکت هێنا ئیتر تەنیا نابی، کرێچییە نوێکەمان کچێ هاوتەمەنی تۆی هەیە، جا بۆ خۆتان هەر قەرێ قەرێ بکەن. خوێنێ زۆرم لێ ڕۆشتووە، دکتۆرەکە دەست بە چاویا ئەهێنێت؛ هەر چاوە چاوی بابەمم ئەترسم دیارییەکانی بیر چووبێت...

◆ شەرمین ساڵحی



📷 Alexander Klenov

## «گواستنەوە»

لە دەلاقەی چێشتخانەکەوە چاوی لێبوو کە نادر هاتە حەوشەوە، کاتمژێرەکەی سەرنج دا، نزیک نۆ بوو، کە هاتە هۆڵەکەوە لێ پرسی

_ سڵاو، شەو بۆ شوێنێک ئەڕۆی؟

نادر بێ ئەوەی بڕوانێ بۆ چیمەنی ژنی چووە ژوورەکەوەو درگای لە خۆ داخست. شینا و سینا لە کوڵاندا بوون. بە دەنگی بەرز گوتی:

- لەبەر ئەوە پرسیم کە ماشینەکەت لە کۆڵاندا دانا.

دەنگێکی سەیری بیست، وەکو هاژەی ڕۆخانە، نا وەکوو پرخەی خووگ نا وەکوو ڕیچبردنەوەی گەماڵ... بەرەو ژوورەکە چوو، کە ویستی درگاکە بکاتەوە، نادر پرمەی گریانی بەرزەو بوو، ئەی نیڕاند، درگاکەی کردەوە،لەسەر تەختەکە ڕمابوو و گازی دابوو بە سەر سەرینەکاو وەکوو ئەوە لە بەرقیان دابێ دەلەرزاو گریان و نیڕە و هاواری کپی دەکرد. چیمەن لاڵ بوو، سڵی کرد، قاچ و قولی ڕەپ بوو، دوای چەند چرکە ڕاچەڵەکا، بەرەو کۆڵان ڕایکرد، لە حەوشەکەدا سینا و شینای بینی، نەیهێشت بچنەماڵەوە و باوکیان بەو حاڵە ببینن، بە بیانۆی شت و مت کڕین بردیانی بو دەرەو.

زیاتر لە دە ساڵ لەو شەوە و لەو گریانە و لەو بەیانیەی کە نادری تازە، نادری گۆڕاو گۆتی ئەبێ لەم شارۆچکە بڕوین گۆزەراوە. دەساڵە کە بۆ بینینی خزم و کەس و کار ئەبێ دەوازدە کاژێر ڕێگا بپێون. هەشت ساڵەدەزانێ بۆچی ماڵیان گواستوەتەوە بۆ سنە. پێنج ساڵە شینای کچی شووی کردوەو. سێ ڕۆژە کە سینای کۆڕی ون بووە. دوو ڕۆژە نادر خەوی نیە.

چوار ڕۆژە لەشەڕەکەی سینا و ڕەزای پوورزای دەگوزەرێ. سینا بێ مۆبایل بۆ کوێ چووە؟ لە کویە؟ خۆی کوشتوە؟ یان... نازانێ چیبکا، خەریکە شێت ئەبێ. موبایلەکەی بە سینەوە دەگرێ، بۆنی دەکاو سێ جار ماچی دەکا. دەیکاتەوە، ئەچێتە سەر تێلگرام، وتووێژەکانی لە گە ڵ ژینو دەکاتەوە. ژینو ڤیدیۆی مناڵێکی بۆ ناردبو کە دوو لاو... نەیتوانی بیبینێ، سەری کاس بوو، تفی قووت دا، هات بگری نەیتوانی، مۆبایلکەی کە فڕک دا قامکی سڕابوو بەسەر یەکێک لە دەنگە کانا کە ژینو لە ڕەزا وە فۆرواردی کردبوو:

- من ئەڵێم سینا قنگەرە تۆ بە من بڕوا ناکەی، ئەوا خۆت بینیت دەساڵ لەمەو پێش لەبەر قنگدانی سینا خانی مەمت بوو کە لێرە باریان کرد، ئیستە بڵی بزانم هێشتا لەبەر سینا جنێوم پێ ئەدەی یان نا...

نادر هات و بە پا ڕویشتە سەر موبایلەکە پاشان گرتیو هاوێشتی بە دیوارەکەدا.
هاژەی ڕۆخانە، نا پرخەی خووگ نا ڕیچبردنەوەی گەماڵ و نێڕە و گریان هۆڵەکەی پر کردبوو!

◆ کوورش زارع ڕەمشتی



Kang Gong

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ْٓ ٓ ٍَ ٓ ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کویڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامە چیرۆک

**عەزیز خێرئەندیش:**

لە دێیەک مامۆستای قوتابخانە بووم. کابرایەکی ئەو دێیە بۆی گێڕامەوە:

مەلایەکمان بوو زۆر بە ڕەمەزان قەڵس بوو، چۆن نەیدەتوانی بەڕۆژوو بێ و لەبەر قسەی خەڵکیش نەیدەوێرا بەڕۆژوو نەبێ. بەناچاری ڕۆژووەکانی دەگرت.

ئەوساڵە ڕەمەزان لە گەرمای هاوین‌دا بوو، مەلاش هەر لەو بن سێبەر بۆ ئەو بن سێبەر دەچوو؛ زووزووش دەموچاوی دەشوت و ئاوی لە دەمی وەردەدا. هەرچی دەکرد ڕۆژ تەواو نەدەبوو. خەڵکیش دەیانزانی مەلا زۆر وەڕەزە، هەر دەچوونە لای و دەیانکوت: دەی مامۆستا! شکور ڕەمەزانێکی خۆشە! ئەویش بە ناچاری دەیکوت: ڕەحمەتی خودایە، زۆر خۆشە.

هێندە دەچوونە لای و دەیانکوت ڕەمەزانێکی خۆشە، وەڕەزیان کردبوو.

ڕۆژێک، سێیان ـ چوارێک، دیسان چوونە لای مەلا و دەستیان پێ کردەوە. ئەوجار مەلا زۆری بۆ هات و خۆی پێ ڕانەگیرا و کوتی: کوڕە خۆشی چی؟! بەو قورعانەی لە سەر ڕانی ڕاستم داناوە، سێ سەعاتە لێرەم، دە دەقەی لاداوە، خۆ ناڕوا!

### هیوا فەتحیان ـ سەقز:

خەزوورەم بۆی گێڕامەوە:

شەوێکیان کارم بە پیاوێک بوو ناوی "حەمە سەعی" بوو، ژمارەکەیم بەهەڵە گرت و کابرایەک هەڵی گرت و وتم کاکە ببوورە،ماڵی کا حەمە سەعیە؟

کابرا نازانم بۆ زۆر تووڕە بوو و وەک دەڵێن بە شیر دەمی سووتابوو فووی لە دۆ دەکرد، بەتوندی وتی: نەوەڵڵا ماڵی حەمە نێرەکەر نییە!

### ڕۆژهەڵات بابۆس:

کابرایەک دەچێتە سەبت و ئەحواڵ ناسنامەی بۆ کوڕەکەی وەرگرێ:

کارمەند: کوڕە یان کچ؟

کابرا: کوڕە قوربان.

کارمەند: ناوی دەنێی چی؟

کابرا: شۆڕش

کارمەند: نابێ کاکە، قەدەغەیە

کابرا: باشە ناوی دەنێم هێرش

کارمەند: نابێ کاکە ئەویش لە لیستدا نییە!

کابرا ڕقی هەڵدەستێ و دەڵێ: دە بنووسە ئیمام خومەینی ....

کابرای کارمەندیش پێ دەکەنێ و دەڵێ: بەخودا ئەویش هەر نابێ کاکە گیان!

### دیار:

کابرایەک بوو ناویان نابوو "ئەحەبۆرە".

ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو.

ڕۆژێک پیاوێکی زۆر قۆشمە و قسەزل دەڵێ وەڵا ئەوە دەچم بە خۆی دەڵێم ئەحەبۆرە!

دۆستانیشی دەڵێن وەڵا ئاوا و ئاوات پێ دەکا. ئەویش دەڵێ جا ببینن.

کابرا دەبینێ و تۆزێک خۆی ناڕەحەت دەکا و دەڵێ کاک ئەحمەد، وەڵا زۆر پێم ناخۆشە بۆ ئەو ناوە ناخۆشە کە پێت دەڵێن، وەڵلاهی ئەو ناوە شایستەی جەنابتان نییە، تۆخوا چ بێویژدانێ ئەو ناوەی بە تۆوە ناوە؟ ئەخە "ئەحەترە" کەی ناوە؟! وەڵا زۆر عەیبە و زۆرم پێ ناخۆشە!

ئەحمەدیش دەڵێ کاک برایم،

پێم ناڵێن "ترە" پێم دەڵێن "بۆرە"،

بۆ خاتری خوا ئەحەبۆرەم زۆر پێ خۆشترە تا ئەحە ترە، ناوی دیکەم بۆ درووست مەکە و هەر بڵێ ئەحەبۆرە!

بەو شێوەیە کابرا بەو ناوە زۆر ئاسایی دەبێتەوە و ئیدی تووڕە نابێ.

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"




Francisco Cribari